# وەقایعی کوردستان


رۆژنـامـەی ڕەسمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٣٢٤) سالّی بیست وچوار ٢٢ ئەیلول ٢٠٢٤زایینیی ١ ڕەزبەر ٢٧٢٤ کوردی ١٩ ربیع الأول ١٤٤٦ کۆچی

324



**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار** لا ١

ڕێنمایی هەموارکردنی یەکەمی ڕێنمایی دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ٢

ڕێنمایی دەرکردنی گۆڤارە زانستییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٦

تایبەت بە ئەرک و پلە و ناونیشانی فەرمانبەران و رسومات و خەرجی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وولات

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ١٨

ڕێنمایی کەم توانایی تەندروستی فەرمانبەران (العجز الصحي للموظفین)

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢١

هێنانەکایەی گوندی(کەنداله سور)

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٢

هەمواری دووەمی بەیانی لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە

**بەیانی ژمارە (٦ و ٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٢٣

**بەیانی ژمارە (٨ و ٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٢٤



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٢٤) السنة رابعة وعشرون ٢٢ أيلول ٢٠٢٤ م. ١ ڕەزبەر ٢٧٢٤ ك. ١٩ ربيع الأول ١٤٤٦ هـ.

324

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة البلديات والسياحة | ١ |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ٢ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة المالية والاقتصاد | ٦ |
| تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ١٨ |
| بيان رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢١ |
| بيان رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢٢ |
| بيان رقم (٦ و ٧) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الزراعة والموارد المائية | ٢٣ |
| بيان رقم (٨ و ٩) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الزراعة والموارد المائية | ٢٤ |


No. 324 Date: September 22, 2024 - Vol.: 24

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

نرخ ١٥٠٠ دينار

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمارە : ١٢١٧٥ لە ٢٠٢٤/٩/١٨**

پاڵپشت بە ماددەی (٥٧) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو و بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری جەنابی سەرۆك وەزیران ژمارە (٢٤٢ لە ٢٠٢٤/٣/٢٧)، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی هەموارکردنی یەکەمی ڕێنمایی دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**

**لابردنی خاڵی (٣) لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٣).**

**ماددەی (٢):**

**بڕگەی چواردەم لە ماددەی (٣) هەموار دەکرێتەوە دەقەکەی بەم شێوەیە دەبێت:**

**چواردەم**: هەر فەرمانبەرێك وەك زیندانی سیاسی و ڕزگاربووی شاڵاوی ئەنفال زەوی وەرگرتبێت بە سوودمەند ئەژمار ناکرێت.

**ماددەی (٣):**

**زیادکردنی بڕگەیەك بۆ ماددەی (٣) کە دەبێتە بڕگەی هەژدەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**هەژدەم**: هەر فەرمانبەرێك زەوی وەرگرتبێت بەشێوەی قەرەبوو مافی پڕکردنەوەی فۆرمی داواکردنی زەوی هەیە بە ڕەچاوکردنی یاسا و بڕیارەکانی بەرکار لە هەرێم.

**ماددەی (٤):**

**بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤) هەمواردەکرێتەوە دەقەکەی بەم شێوەیە دەبێت:**

(ئەو فەرمانبەرانەی کە مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە، داواکاری و بەڵێننامەی سوودمەندبوون پێشکەشی فەرمانگەکانیان دەکەن لەڕێی فۆرمێکی تایبەتەوە کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئامادە دەکرێت، دواتر گشت زانیارییەکانی ناو فۆرمەکە لەلایەن لیژنەی تایبەت لەهەر فەرمانگەیەك وردبین دەکرێت و پشتگیری دەکرێت و لەلایەن لیژنەکەوە خاڵبەندی بۆ دەکرێت و بەلیست لە ڕێگەی وەزارەتەکانیان ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەکرێت بەمەبەستی وردبینی و ڕێکخستنی لیستەکان، دواتر لیستی کۆتایی ناوەکان بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەمەبەستی دەرکردنی فەرمانی تەرخانکردنی زەوی).

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ١٧٦٠٢ لە ٢٠٢٤/٩/٩**

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ی (ئەنجومەنی وەزارەت )، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ڕێنمایی دەرکردنی گۆڤارە زانستییەکان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**
مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بریتییە لەو واتایانەی کە بەرامبەریان نووسراوە کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە:
- **وەزارەت:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق.
- **وەزیر:** وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- **ئەنجومەنی وەزارەت:** ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- **فەرمانگە:** فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.
- **زانکۆ:** زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی مۆڵەتپێدراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان–عێراق.
- **دەستە:** دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی.

**ماددەی (٢): مەرجە زانستییەکانی دەرکردنی گۆڤاری زانستی**
**یەکەم:** گۆڤاری زانستی دەردەچێت لەلایەن زانکۆ یان دەستە یان دەزگایەکی زانستی ئەکادیمی باوەڕپێکراو یاخود سەنتەری توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
**دووەم:** پێکهاتەی دەستەی نووسەران بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:
١- گۆڤاری گشتی: پێویستە ژمارەی دەستەی نووسەران لە (٧) حەوت ئەندام کەمتر نەبێت.
٢- گۆڤاری تایبەتمەند: پێویستە ژمارەی دەستەی نووسەران لە (٥) پێنج ئەندام کەمتر نەبێت.
٣- پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت.
٤- لەهەر بوارێک کە گۆڤارەکە توێژینەوەی تێدا بڵاودەکاتەوە پێویستە بەلایەنی کەم یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەران پسپۆڕ بێت لە هەمان بوار.
٥- پێویستە بەلایەنی کەم (٢٥%)ی ئەندامانی دەستەی نووسەران لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق بن.
٦- پێویستە ئەندامانی دەستەی نووسەران پۆستی زانستی و کارگێڕیان نەبێت و لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان و بەرەو سەرەوە، نەبن.

**سێیەم:** پێکهاتەی دەستەی ڕاوێژکاری بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
١- پلەی زانستییان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت.
٢- پێویستە بەلایەنی کەم لە (٢٥%)ی لە ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاری لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق بن.

**چوارەم:** گۆڤاری زانستی نابێت بە ناوی زانکۆ و لایەنە فەرمییەکان بێت و پێویستە ناوەکەی لەگەڵ ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بگونجێت.

**پێنجەم:** پێویستە هەر گۆڤارێک ژمارەی نێودەوڵەتی (eISSN) و (pISSN) هەبێت.

**شەشەم:** پێویستە هەر توێژینەوەکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری زانستی (DOI )ی هەبێت.

**حەوتەم:** پێویستە گۆڤارەکە ماڵپەڕی تایبەت بەخۆی هەبێت و هەموو زانیارییە سەرەکیەکانی تایبەت بە گۆڤارەکەی تێدا بێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کەسێکی پسپۆڕ و بە ئەزموون بۆ بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەکە دیارییکرێت.

**هەشتەم:** پێویستە هەر گۆڤارێکی زانستی (Google Schoolar )ی تایبەت بەخۆی هەبێت.

**نۆیەم:** پێویستە وەرگرتنی توێژینەوەکان لەلایەن گۆڤاری زانستی بەشێوەی (Online Submission ) بێت.

**دەیەم:** پێویستە لەهەر ژمارەیەکی گۆڤاری زانستی بەلایەنی کەم ڕێژەی لە (٥%) توێژینەوەکان نێودەوڵەتی بن.

**یازدەهەم:** پێویستە لەهەر ژمارەیەکی گۆڤاری زانستی بەلایەنی کەم ڕێژەی لە (٥%) توێژینەوە بڵاوکراوەکان لێوەرگرتن (Citation )ی هەبێت.

**دوازدەهەم:** پێویستە ناونیشان (Title ) و پوختە (Abstract ) و کلیلە ووشە سەرەکیەکان (Keywords )ی هەر توێژینەوەیەک بە زمانی ئینگلیزی هەبێت.

**سێزدەهەم:** پێویستە بەلایەنی کەم لە (١٠%)ی هەڵسەنگێنەری توێژینەوەکان نێودەوڵەتی بن، هەروەها گۆڤارەکە ساڵانە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە هەڵسەنگێنەرەکانی بڵاوبکاتەوە.

**چواردەهەم:** پێویستە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان بە شێوازی پێداچوونەوەی هاوتا (Peer Review ) ئەنجام بدرێت و شێوازی هەڵسەنگاندنەکەی کە (Double Blind ) یان (Single Blind ) ئاماژەی پێبکرێت.

**پانزدەهەم:** پێویستە پێش هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان پرۆسەی (Plagiarism) بۆ هەموو توێژینەوەکان ئەنجام بدرێت و ڕێژەکەی لە (٢٠%) زیاتر نەبێت.

**شازدەهەم:** پێویستە هەر توێژینەوەیەک (Meta Data )ی تایبەت بەخۆی هەبێت و تیایدا ئاماژە کرابێت بە ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە و ڕیکەوتی پەسەندکردنی و ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی.

**حەڤدەهەم:** پێویستە بەشێک لە ماڵپەری گۆڤارەکە تایبەت بە (Indexing ) دابنرێت.

**هەژدەهەم:** پێویستە بەشێک لە ماڵپەری گۆڤارەکە بۆ (Metrics ) دابنرێت کە تیایدا زانیاریەکانی وەکو (رێژەی رەتکردنەوەی توێژینەوە و کاتی بڕیاردان بۆ پەسەندکردنی توێژینەوە) ئاماژەی پێبکرێت.

**نۆزدەهەم:** پێویستە لە ماڵپەڕی گۆڤارەکە بەڕوونی ئاماژە بکرێت بە رێنمایی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی و بوونی رێبەری نووسەر (Author Guide Line ) و هەروەها قالبی (Template ) نووسینی توێژینەوە دیاری بکرێت.

**بیستەم:** پێویستە گۆڤاری زانستی داوای نووسراوی (Ethics ) بکات لە توێژەر پێش پەسەندکردنی توێژینەوەکەی.

**بیست و یەکەم:** پێویستە گۆڤاری زانستی شێوازی مافی هزری (Copyright )ی پەیڕەوکراو دیاری بکات.

**ماددەی (٣): حوکمە گشتییەکان**

١- پێویستە گۆڤار بە شێوەیەکی دەوری و رێک و پێک دەربچێت و بەلایەنی کەم ساڵانە (٢) دوو ژمارەی لێ دەربچێت و هەروەها بەلایەنی کەم ساڵانە (١) یەک ژمارەی گۆڤار چاپ بکرێت. لە کاتی وەستانی گۆڤارەکە بۆ ماوەی ساڵێک، پێویستە پێشوەختە ڕوونکردنەوە لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆ بەرزبکرێتەوە بۆ وەزارەت/فەرمانگە، ئەگەر ئەم حاڵەتە دووبارە بۆوە ئەوا مۆڵەتی دەرچوونەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٢- پێویستە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە بەڕوونی ئاماژە بە (ناوی گۆڤار و زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکە و ژمارە و بەرگی گۆڤارەکە)، بدرێت.

٣- ئاماژە بە ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکە بدرێت بە ساڵنامەی کوردی و زایینی.

٤- دوای ئەوەی لیژنەی تایبەت بە دەرکردنی گۆڤاری زانستی لە وەزارەت/فەرمانگە ڕاسپاردە بە پەسەندکردنی دەکات، لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەت (مۆڵەتی سەرەتایی) دەرچوون بە گۆڤاری زانستی دەدرێت.

٥- هەر گۆڤارێک کە (مۆڵەتی سەرەتایی) پێدەبەخشرێت، ژمارە (٠) سفر دەردەکات و پاشان وێنەیەک لە گۆڤارەکە ڕەوانەی وەزارەت دەکرێت بۆ ئەوەی وەزارەت/فەرمانگە هەڵسەنگاندنی دووبارەی بۆ بکات بە مەبەستی بەخشینی (مۆڵەتی کۆتایی) دەرچوون لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەت.

٦- ئەگەر ژمارە (٠) سفری گۆڤار لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەرچوو، توێژینەوەکانی ژمارە (٠) سفر ژمارەی (١) یەکی گۆڤارەکە هەڵدەگرن و بەکاردێن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی. ئەگەر ژمارە (٠) سفری گۆڤار لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەرنەچوو، ئەوا ژمارە (١) یەکی گۆڤارەکە دەرناچێت.

٧- پێویستە هەر (٢) دوو ساڵ جارێک پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ گۆڤارەکە لەلایەن وەزارەت/فەرمانگە بکرێت.

٨- سـەرجەم مـاڵپەڕی گۆڤـارە زانسـتییەکان لەلایەن وەزارەت/فەرمـانگە/بەڕێـوەبەرایەتی کاروبـاری زانستی سەرپەرشتی و چاودێری دەکرێت.

٩- پێویستە ئەو گۆڤارە زانستییانەی کە لەلایەن وەزارەت مـۆڵەتی دەرچوونیـان پێـدراوە، لە مـاوەی ساڵێک لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـایعی کوردسـتان خۆیـان لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە بگونجێنن.

**ماددەی (٤):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشووتر ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کوالێتی گۆڤارە زانستییەکان کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی مۆڵەتی دەرچوونیان پێدراوە، هەروەها ئەو گۆڤارە زانستییانەی کە لەمەودوا لە لایەن زانکۆ یان دەستە یاخود دەزگایەکی زانستی ئەکادیمی باوەڕپێکراو یان سەنتەری توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراو لە هەرێمی کوردستان– عێراق دەردەکرێن، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٦٩ لە ٢٠٢٤/٨/٢٨**

پاڵپشت بە بڕگەی (شەشەم) خاڵی (١و٢و٣و٤) لە فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە (٣١٠٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٠ و ئاماژە بە نوسراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣١٥٥ و ٣١٥٦ و ٣١٥٧ ) لە ٢٠٢٤/٧/١٠ و کۆنوسی ژمارە (١١١) لە ٢٠٢٤/٨/٦ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**تایبەت بە ئەرک و پلە و ناونیشانی فەرمانبەران و رسومات و خەرجی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وولات**

**١-١ / ڕێکخستنی پلە و ناونیشانی فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات :-**

پەیکەری ڕێکخستن و پۆلێن و موچە و شایستە داراییەکانی فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک دەخرێتەوە :

**یەکەم:**

پێناسەی ڕێکخستنی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :

١- **نوێنەر :** بە فەرمانی هەرێمی و فەرمانی سەرۆک وەزیران بە پلەی (ڕاوێژکار) لەسەر میلاکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ، دادەمەزرێت .

٢- **کاربەڕێکەر :** بەپێی فەرمانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دادەنرێت بۆ ماوەیەکی دیارکراو و بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەوەش لە کاتی چۆڵ بوونی پێگەی یاسایی نوێنەر بە هەر هۆکارێک بێت ، بە مەرجێک ئەزموون و لێهاتوویی هەبێت لەگەڵ شارەزایی لە کاروبارەکانی نوێنەرایەتی .

٣- **ڕێکخەر :** بە فەرمانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەپێی پێویست دادەنرێت لەو وولات و هەرێمانەی کە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ نیە ، لە ژێر سەرپەرشتی نوێنەرایەتی دەبن. بە مەرجێک ئەزموون و لێهاتوویی هەبێت لەگەڵ شارەزایی لە کاروبارەکانی نوێنەرایەتی .

٤- **سکرتێر :** ئەرکی ڕێکخستنی کاروبار و پەیوەندییەکانی نوێنەر و بواری کارگێری و دارایی نوسینگەی نوێنەرایەتی دەبێت لەگەڵ هاوکاری کردنی نوێنەر لە خەرجی و پاکتاوکردنی بودجەی مانگانەی نوێنەرایەتی لە چوارچێوەی ڕێنماییە بەرکارەکان .

٥- **دۆسیەی کاروباری ئابووری و گەشتیاری و مرۆیی** : فەرمانبەرێک دادەنرێت بە بەرپرس ، بە مەرجێک شارەزایی و ئەزموونی هەبێت لە کاروبارەکانی ئەم دۆسیەیە . نوێنەرایەتیەکان گرنگی بە کاروبارو پەیوەندیە ئابووریەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو وولاتانە دەدەن کە دەکەونە بازنەی کارکردنیانەوە. هەروەها سەرجەم کاروبارەکانی تایبەت بە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و ئاژانس و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ و کاروباری مرۆیی و پەنابەران و بوارەکانی گەشتیاری . هاوکات ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەبارەت بە هەر هەڵوێست و لێدوان و پێشهاتێکی سیاسی و ئابووری تایبەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە . لە هەمان کاتدا رێکخستنی لۆبی کردن بۆ کوردستان و دۆزە رەواکەی و روونکردنەوەی هەر هەڵوێستێکی هەرێم لەو پێشهاتە نێودەوڵەتی و ناوچەییانەی کە رەهەندی نێودەوڵەتیان هەیە بۆ وڵاتان بە رێگەی چالاکی و دیدار و چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی میدیایی کە لە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی ئەم دۆسیەیە دەبێت . هەروەها نوێنەرایەتیەکان گرنگی دەدەن بە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان لە سنووری ئەو بازنەیەی بۆیان دیاریکراوە . جگە لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار و داتای پێویست لەسەر ئەو کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانیە گەورانەی کە دەتوانن رۆڵ لە پێشخستنی هەرێمی کوردستاندا بگێڕن .

٦- **دۆسیەی کاروباری خزمەتگوزاریەکان و رەوەندی کوردستانی** : فەرمانبەرێک دادەنرێت بە بەرپرس ، بە مەرجێک شارەزایی و ئەزموونی هەبێت لە کاروبارەکانی ئەم دۆسیەیە . یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم دۆسیەیە کۆکردنەوەی داتاو زانیاریە لەسەر رەوەندی کوردستانی لە داتا بەیسێکدا بە جۆرێک کە بۆ سوود و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و خودی رەوەندی کوردستانی لە دەرەوە بەکاربهێندرێت لە راپی کردنی کاروباری رەوەندی کوردستانی و بەدواداچوونی ئاریشەو گرفتەکانیان . هەروەها رێکخستنی کۆبوونەوە و ئاهەنگ لە بۆنە نیشتمانیەکان بۆ رەوەندی کوردستانی و بەشداری پێکردنیان لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی بۆ کەسایەتی و بەرپرسانی هەرێم رێکدەخرێن ، ئەنجامدانی چالاکی بەردەوام بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە ئەرکەکانی تری ئەم دۆسیەیە دەبێت . هاوکات سەرپەرشتیکردن و راپی کردنی کاروباری یاسایی و پەسەندکردن و پشت راستکردنەوەی بەڵگەنامەکان و بریکارنامە و بەرحەیاتی و پێڕاگەیاندنی داوالێکراوانە بەپێی یاسا و رێنماییەکان و لە هەمانکاتدا هەر کارێکی تر کە رەهەندی یاسایی هەبێت ئەرکێکی تری ئەم دۆسیەیە دەبێت .

٧- **دۆسیەی کاروباری رۆشنبیری و خوێندن و پێگەیاندن** : فەرمانبەرێک دادەنرێت بە بەرپرس ، بە مەرجێک شارەزایی و ئەزموونی هەبێت لە کاروبارەکان ئەم دۆسیەیە ، نوێنەرایەتیەکانی دەرەوە بە رێگەی ئەم دۆسیەیە ئەرکی ناساندنی کەلتوور و فەرهەنگ و رۆشنبیری هەرێمی کوردستانیان بە وولاتانی سنووری بازنەکەیان لە ئەستۆیە . هەروەها بەرەوپێش بردن رێکخستنی پەیوەندی رۆشنبیری و کەلتووری و هونەری لەگەڵ وولاتان و رەخساندنی دیدار و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار

بۆ رۆشنبیران و هونەرمەندان و ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری و کەلتووری و هونەری لە نێوان وولاتان و هەرێمدا ، لە ئەرکەکانی ئەم دۆسیەیە دەبێت .لە هەمان کاتدا بە دواداچوون بۆ کاروباری ئەو قوتابیانە دەکات کە بۆ مەبەستی خوێندن ڕوویان لە وولاتانی دەرەوە کردووە ، و هەوڵی ڕێکخستن بۆ بەدەستهێنانی زەمالەی خوێندن لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان دەدات . لە لایەکی ترەوە کار بۆ دەستەبەری خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت و دام دەزگاکانی هەرێم دەکات و بەدواداچوون و ڕێکخستن و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو خولانەش دەکات کە وەزارەتەکان لەو وولاتانە ڕێکی دەخەن کە دەکەوێتە سنووری بازنەی چالاکی ئەو نوێنەرایەتیەوە .

**دووەم : فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکان کە بە شێوەی (هەمیشەیی) دادەمەزرێن :**

١- سەبارەت بە فەرمانبەری هەمیشەیی بۆ دیاریکردنی پلە و ناونیشانی وەزیفییان پێویستە لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو و یاسای میلاک ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو و یاسای مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو دیاری بکرێت ، گشت فەرمانبەران کە لەسەر میلاکی نوێنەرایەتیەکان خزمەت دەکەن پابەند دەکرێن بە سەرجەم یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان پەیوەست بە وەزیفەی گشتی .

٢- نوێنەر و فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە دەگەڕێنەوە بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان دوای کۆتایی هاتنی کارەکانیان و سوود لە ڕاژەیان دەبینرێت لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە یان دامەزراوەیەکی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، یاخود گواستنەوەی ئەرکی بۆ نوێنەرایەتییەکی دیکە لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە .

٣- ئەرکی فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وولات پۆلین دەکرێت بۆ ئەو پۆلینانەی کە لە خشتەی هاوپێچ هاتووە ، هەروەها بەپێی پەیوەستنامەیەکی کارکردن کە لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئاڕاستەی نوێنەرایەتیەکان دەکرێت .

٤- خانەنشینکرنی نوێنەر و فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە بەم شێوەیە دەبێت کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دراوە :

أ- خانەنشین کردنیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان دەبێت لە هەرێمی کوردستان .

ب- لەکاتی هەواڵە کردن بۆ خانەنشینی نوێنەران و فەرمانبەرانی نوێنەرایەتییەکان یەکێک لە بژاردەکانی خانەنشینبوون لە نێوان (هەرێمی کوردستان یان ئەو وڵاتەی کە ئەرکی تێدا بینیوە هەڵدەبژێرێت) .

ج- نوێنەر و فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکان لە کاتی داواکردنی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان پێویستە بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو لەو وڵاتەی کاری تێدا کردووە بهێنێت وە بیسەلمێنێت کە لە وڵاتی ئەرک خانەنشینی وەرناگرێت و لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پەسەند بکرێت .

د- هەرکاتێک نوێنەر و فەرمانبەران خانەنشینبونیان لەو وڵاتە هەڵبژارد کە ئەرکی تێدا بینیوە ئەوا مافی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان نامێنێت .

**سێیەم: فەرمانبەرانی نوێنەرایەتییەکان کە بە شێوەی (گرێبەست) دادەندرێن :**

سەبارەت بە هەڵگرانی ڕەگەزنامەی عێراقی یاخود بیانی کە بەپێی پێویست و بە شێوەی (گرێبەست) لە نوێنەرایەتییەکان دادەندرێن ، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

١- گشت نوێنەرایەتیەکانی پابەند دەبن بەو پەیوەستنامە کارکردنەی بۆ گرێبەست کردن لەگەڵ فەرمانبەران ، کە لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادە دەکرێت و ئاراستەی نوێنەرایەتیەکان دەکرێت .

٢- نوێنەر پێشنیاری ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ فەرمانبەر لەسەر بنەمای پێویستی بە ڕاژە و پسپۆرییەکەی دەکات و لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پەیوەستنامەی کارکردن لەلایەن نوێنەری نوێنەرایەتیەوە واژوو دەکرێت .

٣- لە پەیکەربەندی نوێنەرایەتی پێویستی بە پسپۆری و ئەزموونی فەرمانبەرەکە هەبێت .

٤- کرێی کارکردنی فەرمانبەری گرێبەست لە چوارچێوەی بڕی تەرخان کراوی دارایی نوێنەرایەتی خەرج دەکرێت .

٥- فەرمانبەرەکە خەسڵەت و کەسایەتی گونجاو و شیاو بێت .

٦- بڕوانامە یان ئەزموونی هەبێت لەو بوارەی کە نوێنەرایەتی پێویستی پێیەتی وە پێشینە دەدرێت بەوکەسانەی کە لە کاری سیاسی و دیبلۆماسی وبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان شارەزاییان هەیە.

٧- مووچەی فەرمانبەری گرێبەست لەسەربنەمای چەند پێوەرێک کە بریتین لە بڕوانامەی کەسەکە ، ئاستی نوێنەرایەتی و بازنەی وڵاتان و ئاستی بژێوی ژیان لە وڵاتەکە بەپێی خشتەی پۆلێن و مووچەی فەرمانبەرانی نوێنەرایەتییەکان دیاری دەکرێت کە هاوپێچە .

**چوارەم: بە مەبەستی خەرجکردنی ئەو بڕە موچە و شایستە داراییانەی کە لە خشتەی پۆلێن و مووچەی فەرمانبەرانی نوێنەرایەتییەکان هاتووە ، پێویستە پەیڕەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :**

١- فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیەکان بەپێی پۆلێن و ئەرک موچەیان دیاری دەکرێت .

٢- ئەو نوێنەر و فەرمانبەرانەی کە دامەزراوی هەمیشەین بڕی ئەو مووچەیەی وەری دەگرن لەو بڕەی کە دیاری کراوە لە خشتەکان کەم دەکرێتەوە ، واتە کۆی ئەو مووچەی وەری دەگرن هاوتا بێت لەگەڵ ئەو بڕەی لە خشتەکەدا هاتووە .

٣- ستافی نوێنەرایەتی پێویستە بە تەواوی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارکردن و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە نوێنەرایەتی و ناکرێت هیچ کارێکی تر ئەنجام بدەن .

٤- ئەو فەرمانبەرانەی کە لە سکرتاریەتی نوێنەرایەتی کاردەکەن و ئەرکی کاروباری کارگێری و دارایی دەگرنە ئەستۆ لە پۆلینی سێیەمی خشتەی مووچە هەژمار دەکرێن .

٥- فەرمانبەری دامەزراوی هەمیشەیی نوێنەرایەتی ، پێویستە بە مۆڵەتی خوێندن بڕوانامە بەدەست بهێنێت کە لە چوارچێوەی یاسا و پەیڕە و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان بێت .

**٢-١ / خەرجی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە لە چوارچێوەی بڕی تەرخانکراوی دارایی ساڵانەی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە )) لە ژێر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی خوارەوە خەرجییەکانی ڕێک دەخرێتەوە:-**

**یەکەم:** خەرج کردنی مووچەی تەواوکاری نوێنەر و فەرمانبەرانی هەمیشەیی لە چوارچێوەی بڕی تەرخانکراوی دارایی نوێنەرایەتی دەبێت.

**دووەم:** خەرج کردنی مووچەی تەواوی فەرمانبەرانی گرێبەست چوارچێوەی بڕی تەرخانکراوی دارایی نوێنەرایەتی دەبێت.

**سێیەم:** خەرجی و باجی ئۆفیسی نوێنەرایەتی:

**أ-** ئەو نوێنەرایەتیانەی کە ئۆفیسەکانیان موڵکی حکومەتی هەرێم نین و کرێ دەدەن، ئەوا بەپێی گرێبەستی نێوان نوێنەرایەتی و خاوەن موڵک دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە خەرج دەکرێت و باجی ئوفیس خەرج دەکرێت بۆ ئەو نوێنەرایەتیانەی کە لەگەڵ کرێی گرێبەستی مانگانە باجی ئۆفیس نادەن.

**ب-** ئەو نوێنەرایەتیانەی کە موڵکی حکومەتی هەرێمی کوردستانن و تەنها باجی ئۆفیسی نوێنەرایەتی دەدەن، ئەوا بەپێی پسوولەی فەرمی خەرج دەکرێت.

**چوارەم:** خەرجی بەردەستی نوێنەرایەتی: فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێوەرەکانی دیاریکردنی خەرجی بەردەستی نوێنەرایەتیەکان دیاری دەکات، و هەڵدەستێت بە دانانی ئەو بڕە بە شێوەی مانگانە بە ڕەچاوکردنی باری ئابووری وڵاتەکەو ساڵانەش لە لایەن فەرمانگەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

**پێنجەم:** کڕینی ئامێر و کەل و پەل و پێداویستی و خواردن بەپێی پسوولەی فەرمی خەرج دەکرێت.

**شەشەم:** کرێی خزمەتگوزاری: ئەو بڕە پارانەی کە بۆ کرینی خزمەتگوزارییەکان دەدرێت وەک کرێی گاز و ئاو و کارەبا و ئەنتەرنێت...هتد، ئەوا بەپێی پسوولەی فەرمی خەرج دەکرێت.

**حەوتەم:** بیمەکان: بیمەی ئۆفیس و ئۆتۆمبێل بەپێی پسوولەی فەرمی و بەڵگەنامە فەرمییەکان خەرج دەکرێت.

**هەشتەم:** خەرجییەکانی چاککردنەوەی ئۆفیس و کەل و پەل و ئامیرەکان بەپێی پسولەی فەرمی دەبێت.

**نۆیەم:** خەرجی شاندو سەفەر: تێکرای تێچووی خەرجییەکانی شاندو سەفەر کە لە چوارچێوەی شاندی فەرمی یاخود ئەرکی فەرمی ئەنجام دەدرێت بە ڕەزامەندی پێشوەختەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەپێی پسوولەی فەرمی خەرج دەکرێت.

**دەیەم:** چالاکی و بۆنەو میوانداری: خەرجی چالاکی و بۆنەی هونەری و کەلتوری کە لە لایەن نوێنەرایەتییەکان ئەنجام دەدرێت پێویستە ڕەزامەندی پێشوەختەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بۆ وەربگیرێت.

**یازدەیەم:** هەر بڕە خەرجییەکی پێویست کە نەتواندرێت لە چوارچێوەی بودجەی نوێنەرایەتی خەرج بکرێت پێویستە بە نووسراو ئاراستەی فەرمانگە بکرێت بۆ ئەوەی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێت.

**دوازدەیەم:** سەرجەم خەرجییەکان کە لە سەرەوە دیاری کراوە لە چوارچێوەی بودجەی گشتی نوێنەرایەتیەکان خەرج دەکرێت بەپێی پسووله و یاداشت و خشتەی خەرجییەکان کە لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێداچونەوە و وردبینی بۆ دەکرێت.

### هاوپێچ/خشتەکانی خەرجی:

- **نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (..........)**

**خشتەکانی خەرجی بۆ مانگەکانی (...........)**

| کۆی گشتی | بە ژمارە | بە نووسین | تێبینی |
|---|---|---|---|
| بودجەی یەک مانگ | | | |
| خەرجی یەک مانگ | | | |
| بڕی بودجەی ماوە (یاخود بڕی کورت هێنان) | | | |

- **کرێی خانوو:**

| بە ژمارە | بە نووسین | لە ڕێکەوتی | تا ڕێکەوتی | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بە ژمارە | بە نوسین |
| | | | | | |
| | | | | | |

- **مووچەی نوێنەرو جێگری نوێنەر (ئەگەر هەبێت) و کارمەندانی نوێنەرایەتی:**

| ژمارە | ناو | پلە | مووچەی یەک مانگ بە ژمارە | تێبینی | کۆی گشتی بە نوسین |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | |
| ٢ | | | | | |
| ٣ | | | | | |
| ٤ | | | | | |
| ٥ | | | | | |
| ٦ | | | | | |
| ٧ | | | | | |
| ٨ | | | | | |
| ٩ | | | | | |
| کۆی گشتی بە ژمارە | | | | | |

- **بیمە ( دڵنیایی – Insurance )**

| خانوو | | | ئۆتۆمۆبێل | | | کارمەند | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ و مانگ | بڕی بیمە بە ژمارە | بڕی بیمە بە نوسین | ڕۆژ و مانگ | بڕی بیمە بە ژمارە | بڕی بیمە بە نوسین | ڕۆژ و مانگ | بڕی بیمە بە ژمارە | بڕی بیمە بە نوسین |
| | | | | | | | | |
| | | | | | | | | |
| | | | | | | | | |
| کۆی گشتی | بە ژمارە | | | | | | | |
| | بە نووسین | | | | | | | |

- **خەرجی باڵەخانەی نوێنەرایەتی : کرێی ئاو –کارەبا- تەلەفۆن- ئینتەرنێت- گاز :**

| جۆری خەرجی | لە ڕێکەوتی | تا ڕێکەوتی | بڕی خەرجی بە ژمارە | بڕی خەرجی بە نوسین |
|---|---|---|---|---|
| ئاو | | | | |
| کارەبا | | | | |
| تەلەفۆن | | | | |
| ئینتەرنێت | | | | |
| گاز | | | | |
| | | | | |
| کۆی گشتی | بە ژمارە | | | |
| | بە نوسین | | | |

- چاککردنەوەی کەڵ و پەل

| جۆری کەلوپەلی چاک کراوە | بڕی خەرجی بە ژمارە | | بڕی خەرجی بە نووسین |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| کۆی گشتی | بە ژمارە | | |
| | بە نوسین | | |

- کڕینی کەلوپەل و پێداویستی بۆ نوێنەرایەتی:

| جۆری پێداویستی | مانگ | بڕی خەرجی بە ژمارە | بڕی خەرجی بە نوسین |
|---|---|---|---|
| پەڕاوگە | | | |
| کۆمپیوتەر | | | |
| ڕۆژنامە | | | |
| | | | |
| کۆی گشتی | | بە ژمارە | |
| | | بە نوسین | |

- خەرجی و کرێی هاتوچۆ:

| مەبەستی هاتوچۆ | ڕەزامەنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە | ڕێکەوت | بڕی خەرجی بە ژمارە | بڕی خەرجی بە نوسین |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| کۆی گشتی | بە ژمارە | | | |
| | بە نووسین | | | |

- رسوماتی بانکی و رسوماتی داهات:

| جۆری رسومات | لە ڕێکەوتی | تا ڕێکەوتی | بە ژمارە | بە نووسین |
|---|---|---|---|---|
| رسوماتی بانکی | | | | |
| رسوماتی داهات | | | | |
| کۆی گشتی | بە ژمارە | | | |
| | بە نوسین | | | |

- پۆستەو گەیاندن:

| جۆری پۆستە | ڕۆیشتوو بۆ | هاتوو لە | ڕێکەوت | خەرجی بە ژمارە | خەرجی بە نوسین |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |
| | | | | | |
| کۆی گشتی | بە ژمارە | | | | |
| | بە نوسین | | | | |

• خەرجی مانگانەی ماڵپەڕ (بۆ ئەو نوێنەرایەتیانەی کە ماڵپەریان هەیە) :

| | | |
|---|---|---|
| ناونیشانی ماڵپەر | | |
| کرێی ماڵپەر | | |
| خەرجی دیزاین (بۆ یەک جارو لە کاتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری) | | |
| خەرجی کارمەند | | |
| کۆی گشتی بۆ سێ مانگ | بە ژمارە | |
| | بە نوسین | |

• میوانداری- بۆنە و ئاهەنگ :

| ڕۆژ و مانگ | جۆری خەرجی بۆ بۆنەکە | خەرجی بە ژمارە | خەرجی بە نوسین | نوسرای ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| کۆی گشتی | بە ژمارە | | | |
| | بە نوسین | | | |

**کارمەندی ژمێریاری** **کارمەندی نوێنەرایەتی** **نوێنەر**

**مەرج و ڕێساکان:-**

١- ئەم خشتەی خەرجیە لەگەڵ نووسراوی نوێنەرایەتی هاوپێچ دەکرێت و بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕەوانە دەکرێتەوە.

٢- پێویستە گشت نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە بەپێی ئەم خشتەی خەرجیە پوختەی خەرجی مانگی پێشتر ڕەوانە بکەن و پابەندی ڕێنماییەکانی خەرج کردنی بودجە بن.

٣- گشت نوێنەرایەتیەکان پێویستە تەواوی پسوولەی خەرجیەکان هاوپێچی ڕاپۆرتی خشتەی خەرجی بکەن. بۆ ئەو نوێنەرایەتیانەی کە پسوولەی خەرجیەکانی بە زمانێکی ترە جگە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، پێویستە لەگەڵ پسووڵەکەدا وێنەیەکی وەرگێڕدراوی بە زمانی کوردی لەگەڵ بێت کە مۆری نوێنەرایەتی و ئیمزای نوێنەری لەسەر بێت.

٤- هەر کەموکوڕیەک لە ناردنی پسولەی خەرجی یان نەناردنی، نوێنەرایەتی لێ ئاگادار دەکرێتەوە. لە کاتی دووبارە نەناردنی پسولەکە نوێنەر ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی دارایی دەبێتەوە.

٥- خەرجیەکانی وەک گەشت کردن و چالاکی و ....هتد خەرج ناکرێت ئەگەر ڕەزامەندی پێشوەختەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەسەر نەبێت.

٦- خەرجیەکانی میوانداری پێویستە بە ووردی بنوسرێت، کە تیایدا ئاماژە بە لایەنی میوان و هۆکاری میوانداری کردنەکە بکرێت.

٧- ئەگەر خەرجیەکانی نوێنەرایەتی لە بڕی بودجەی دیاری کراو زیاتر بێت و ڕەزامەندی پیشوەختی سەرۆکایەتی ئەجومەنی وەزیران یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەسەر نەبێت خەرج ناکرێتەوە و بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی نوێنەر دەبێت.

٨- پێویستە خشتەی خەرجیەکان بە دراوی دۆلاری ئەمریکی ئاماژەیان پێ بدرێت.

٩- نەناردنەوەی خشتەی خەرجی، کاریگەری لەسەر خەرج کردنی بودجەی مانگەکانی داهاتووی نوێنەرایەتی دەبێت و نوێنەر بەرپرسیار دەبێت لە ڕووی دارایی و خەرج نەکردنی بودجەکانی داهاتووی نوێنەرایەتی.

**١-٣ / کرێی خزمەتگوزاری پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە:-**

**یەکەم :** لیستی ئەو بەڵگەنامانەی لە لایەن نوێنەرایەتییەکان و بەشی پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پەسەندکردنیان بۆ دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

| جۆری بەڵگەنامەکان | پێناسە |
|---|---|
| بەڵگەنامە بازرگانییەکان | دامەزراندن و کردنەوەی کۆمپانیا و هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە پەیوەست بە کاری کۆمپانیاکان . |
| بریکارنامەی گشتی و تایبەت | ئەو بریکارنامەی گشتی و تایبەتانەی کە هاوڵاتیان بە کەسانی دیکە دەدەن . |
| بڕوانامەی خوێندن | ئەو بڕوانامە و بەڵگەنامانەی لە لایەن قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان بە دەرچووان دەدرێت . |
| بەڵگەنامەکانی تر | ژیاننامە مۆڵەتی شوفێری گرێبەستی هاوسەرگیری ، پاسپۆرت ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامە ، کارتی نیشتمانی ، کارتی زانیاری و ... هەر بەڵگەنامەیەکی تر کە پێویستی بە پەسەندکردن هەبێت . |

**دووەم :** وەرگرتنی کرێی خزمەتگوزاری پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە :

١- لە وەرگرتنی کرێی خزمەتگوزاری پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە ڕەچاوی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ئەو وڵاتە دەکرێت کە نوێنەرایەتیەکەی تیادایە .

٢- بە ڕەچاوکردنی یاسای ئەو وڵاتەی کە نوێنەرایەتی لێیە ، کرێی خزمەتگوزاری بە ڕێگەی پسوولە یان بێ پسوولە یان لە ڕێگەی ئەژماری بانکی نوێنەرایەتی وەردەگیرێت .

٣- ئەو کرێی خزمەتگوزارییەی لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە وەردەگیرێت و دەمێنێتەوە ، هەر (٦) شەش مانگ جارێک لەگەڵ ژمێریاری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پاکتاو (تسوية) دەکرێت . هێندەی کرێی خزمەتگوزاری وەرگیراو لە بودجەی تەرخانکراوی نوێنەرایەتی دەبڕدرێت و لە لایەن فەرمانگەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ گەنجینەی گشتی .

٤-سەبارەت بەو وڵاتانەی کە باج دەخەنە سەر کرێی خزمەتگوزاری وەرگیراو لە نوێنەرایەتییەکان ، بڕی باجەکە بەپێی بەڵگەنامەی فەرمی ئەو وڵاتەی کە نوێنەرایەتی لێیە ئەژمار دەکرێت لە کاتی پرۆسەی پاکتاو کردن .

٥-وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە / بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنییەکان پسولەی پێویست بە زمانی فەرمی ئەو وڵاتەی کە نوێنەرایەتی لێیە چاپ دەکات و بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ نوێنەرایەتییەکان دابین دەکات .

٦- بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە بەرامبەر پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە بە دۆلاری ئەمریکی یان هاوتاکەی لە دراوی ئەو وڵاتەی کە نوێنەرایەتی لێیە بەم شێوەیەی لە خشتەی خوارەوە دیاریکراوە وەردەگیرێت

| جۆری بەڵگەنامەکان | بڕی کرێی خزمەتگوزاری |
|---|---|
| بەڵگەنامە بازرگانییەکان | ١٠٠ $ دۆلاری ئەمریکی |
| بریکارنامەی گشتی و تایبەت | ٢٥ $ دۆلاری ئەمریکی |
| بڕوانامەی خوێندن | ٢٠ $ دۆلاری ئەمریکی |
| بەڵگەنامەکانی تر | ١٥ $ دۆلاری ئەمریکی |

**سێیەم: وەرگرتنی خزمەتگوزاری پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی / بەشی پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان :**

١- بڕی کرێی خزمەتگوزاری لە بەرامبەر پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە

| جۆری بەڵگەنامەکان | بڕی کرێی خزمەتگوزاری |
|---|---|
| بەڵگەنامە بازرگانییەکان | ٧٥ ٠٠٠ دینار |
| بریکارنامەی گشتی و تایبەت | ٢٥ ٠٠٠ دینار |
| بڕوانامەی خوێندن | ٥ ٠٠٠ دینار |
| بەڵگەنامەکانی تر | ١٠ ٠٠٠ دینار |

دیاریکراوە وەردەگیرێت .

٢- بڕی کرێی خزمەتگوزارییەکان کە لە خشتەی ئاماژەپێکراوی خاڵی (١)ی سەرەوە هاتووە بە پسوولە وەردەگیرێت لە فەرمانگە و دەبێتە داهات بۆ گەنجینەی گشتی .

**٤-١ /** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە :١٩٩٤٦ لە ٢٠٢٤/٨/٢٦**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ و ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی کەم توانایی تەندروستی فەرمانبەران (العجز الصحي للموظفين)**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە، ئەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەیان هەیە کە لە بەرامبەر هەر یەکێکیاندا ئاماژەیان پێکراوە:

١- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق

٢- **وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی هەرێم

٣- **وەزیر**: وەزیری تەندروستی هەرێم

**ماددەی (٢):** مەبەست لەم ڕێنماییە بریتیە لە:-

لە پێناو پاراستنی مافی فەرمانبەرانی شارستانی و سەربازی کە تووشی پێکان ، نەخۆشی ئاسایی، نەخۆشی قورس و گران دەبن کە ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ چارەسەری و لە ڕووی مۆڵەت ، گۆڕینی کار یان خانەنشین کردنیان.

**ماددەی (٣):**

١-**نەخۆشی**:- بریتی یە لە تێکچوونی باری لەش ساغی و تەندروستی فەرمانبەر کە ناهێڵێت فەرمانبەرەکە کارەکانی خۆی بە ئاسایی جێبەجێ بکات ، ئەم بارەش بە هۆی کارەکەیەوە نی یە لە لایەن لیژنەی پزیشکییەوە دەستنیشان دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

٢-**تووش بوون لە کاتی کارکردن**:- بریتییە لە تووشبوونی فەرمانبەر بە نەخۆشیەک بە هۆی کارکردن لە پیشەکەی ژیانی لە کاتی کارکردن لە پیشەکەیدا، یان لەدەستدانی توانای کارکردن بە هۆی کارەکەیەوە یان ڕووداوێک کە ڕوودەدات هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە لەکاتی چوون یان گەڕانەوە بۆ سەر کار ڕوودەدات وئەو نەخۆشیە پیشەییانە و پەککەوتنی ئەندامەکان بەپێی ئەو ڕێژانەی کە لە لایەن وەزیری تەندروستی دیاری کراوە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٠ کە لە وەزارەتی تەندروستی عێراقی دیاری کراوە پەیڕەو دەکرێت وە لە کاتی نەبوونی ڕێنمایی پزیشکە پسپۆڕەکان بەهۆی ئەزموونی خۆیانەوە دیاری دەکەن.

٣- ڕووداو(الحادث)هەر هۆکارێکی دەرەکی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێ لەسەر جەستەی مرۆڤ.
٤- پەککەوتەیی (العجز)کەم توانای کارکردن بە شێوەیەکی تەواو یان نیمچەیی بە هۆی نەخۆشی یەوە.
٥-لەکارکەوتن (العطل) واتا جەستە توانای کارکردنی نامێنی بە تەواوی بە هۆکاری نەخۆشی بێت یاخود زەبر و ڕووداوی دەرەکی لە کاتی کارکردندا.

**ماددەی (٤):**

**لیژنە پزیشکیەکان:-**

١- **لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی گشتی**:- لیژنەیەکی پزیشکی گشتی هەمیشەییە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بە فەرمانی کارگێڕی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی پارێزگاکە دادەمەزرێت و بە ڕێنمایی ئەرک و دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە.
٢- **لیژنەی پزیشکی هەمیشە یی پسپۆڕی**:- لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕی هەمیشەیی یە لە سەر ئاستی پارێزگاکان، بە فەرمانی کارگێڕی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی پارێزگاکە دادەمەزرێت بە ڕێنمایی ئەرک و دەسەڵاتەکانی دیاریکراوەدوای پەسەندکردنی وەزیر.
٣- **لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە**:- لیژنەیەکی پزیشکی ڕاوێژکاریە بە فەرمانی وەزیری تەندروستی پێکدەهێندرێت بۆ دووبارە پشکنینەوەی ئەو کەسانەی کە تانەیان لە لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی داوە یان لە لایەن فەرمانگە گشتیەکان وە یان لە دادگاکان دەکرێت.

**ماددەی (٥):**

فەرمانبەر یان ئەو شوێنەی کە کاری لێ دەکات بۆی هەیە تانە لە بڕیارەکانی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی بدات لە ماوەی (٣٠)سی ڕۆژ لە دەرچوونی فەرمانی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی وە بڕیارەکانی لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە بڕیاری بنبڕن (قطعیە).

**ماددەی (٦):**

فەرمانبەر یان ئەو شوێنەی کە کاری لێ دەکات بۆی هەیە داوای دووبارە پشکنینەوەی لە لیژنەی پزیشکی بکات لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە کاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی، ئەمەش بە مەبەستی هەڵسەنگاندنەوەی باری تەندروستی.

**ماددەی (٧):**

لیژنەی پزیشکی بۆی هەیە دوای پشکنینەوەی نەخۆشەکە و جێگیربوونی حاڵەتەکەی بە باش بوون یان جێگیر بوونی باری تەندروستی لە شوێنێک بڕیاری گۆڕینی کاری نەخۆشەکە بدات وە دەبێت ئەو شوێنەی کە کەسەکە کاری تێدا دەکات بڕیاری لیژنەی پزیشکی ڕەچاو بکات.

**ماددەی (٨):**

**نووسینی مۆڵەتی نەخۆشی بەم شێوەیە دەبێت:-**

١-مۆڵەتی نەخۆشی پێویستە تەنها لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بنووسرێت.

٢- پێویستە پزیشکی پسپۆڕ مۆڵەتی نەخۆشی لە کاتی پێویستدا بنووسێت و بە گوێرەی ماوەی چاکبوونەوەی نەخۆشیەکە بێت.

٣-هەر پزیشکێکی پسپۆڕ دەتوانێت تەنها لە بواری پسپۆڕیەکەی خۆی مۆڵەتی نەخۆشی بنووسێت.

ماددەی نۆیەم:

ئەم ڕێنماییانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) وە کاری پێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٣٩٧٦ لە ٢٠٢٤/٨/٢٠**

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هێنانەکایەی گوندی(کەنداله سور)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و رێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٨١٣) لە ٢٠٢٤/٥/٢٣ و (٤٣٠٨) لە ٢٠٢٤/٨/٤ و نووسراومان ژمارە (١٧١٨٧) لە ٢٠٢٤/٦/٢٣ ، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

**یەکەم :**

هێنانەکایەی گوندی (**کەنداله سور**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٦) لە رێنمایی سەرەوە لە ناحیەی روڤیا لە سنوری قەزای بەردەڕەش لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری(**٢٥دۆنم**) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (**١/١** )کەرتی (**٨٨/دولیجان بچوک**) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم :**

ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٣٩٧٦ لە ٢٠٢٤/٨/٢٠**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هەمواری دووەمی بەیانی لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و دوا بەدوای بەیانمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ و ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

**ماددەی (١):**

**هەمواركردنی ماددەی حەوتەم لە بەیانی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٤ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :**

(ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە تاكۆتایی هاتنی دەوامی فەرمی لە ڕۆژ (٢٠٢٤/١٢/٣١ ) جێبەجێ دەكرێت و هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە كە كۆدەكانیان تاكو ڕێكەوتی (٢٠٢٤/٩/١٥) ڕاگیرابوو)

**ماددەی (٢):**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان بڵاودەكرێتەوە

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٤٧٩ لە ٢٠٢٤/٩/١٧**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی ( ٥ ) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە ( ٦ )ی ساڵی (٢٠١٠ ) ، و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥٦٥ لە ٢٠٢٤/٧/٣٠) ، بڕیارماندا بە :-

١- بەرزکردنەوەی (بەشی کشتوکاڵی عەنکاوە) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی عەنکاوە) .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٤٧٨ لە ٢٠٢٤/٩/١٧**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی ( ٥ ) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٠، و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٨٣١ لە ٢٠٢٤/٨/١٨) ، بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (هۆبەی چاندن) لە قەزای بەردەڕەش / ناحیەی دارەتوو / کەلەک .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٤٧٨ لە ٢٠٢٤/٩/١٧**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی ( ٥ ) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٠، و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ١٠٨٣١ لە ٢٠٢٤/٨/١٨ ) ،بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی ( هۆبەی چاندن ) لە قەزای شێخان / ناحیەی کەلەکچی .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٥١٥ لە ٢٠٢٤/٩/١٧**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :-

١- ڕاگرتنی بارمتەی دارایی لەسەر ئاژەڵی زیندوو بە ڕێژەی ٣ %.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی ( ٢٠٢٤/٩/١٦ ) کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**